سەيد حەكيم: عيراقييەكان دەتوانن ڕكابەرييەكان تێپەڕ بكەن و بۆ هەل بيگۆڕن

ل□ پارێزگای هەولێر، بەڕێز سەماحەتی سەيد حەكيم سەرۆكی هاوپەيمانێتی هێزە نيشتمانييەكانی دەوڵەت لە ميوانخانەی شێخ فاروق يوسف ئاغا شێخ بزێنی چاوی بەكۆمەڵيك شێخ و پياوەديارەكانی هەولێر كەوت، لەم ديدارە سەماحەتی هەڵوێستی ئيمام حەكيمی (نهێنی پارێزراو بێت)ی لە بەرگريكردن لە كورد باسكرد لەگەڵ پەيوەندی بەهێزی نێوان سەركردە كوردەكان و شەهيد ميحراب لە ڕووبەڕووبوونەوەی ديكاتۆريەت و تيرۆر و تايفييەت شان بەشانی يەكتر.

سەماحەتی سەرۆك ديدگا جياوازەكانی بە دیاردەيەكی سروشتی دەزانی بە لەبەرچاوگرتنی فرەچەشنی عێراق، جەختی لەوە كردەوە كە ناكۆكی شەرمەزاری نييە، بەڵكو ئەوەی شەرمەزارييە، بێتواناييە لە ڕووبەڕووبوونەوەی و چارەسەركردنی هەروەها متمانەی خۆی بە توانای عێراقييەكان دەربڕی بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەكان و سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی لێيانەوە سەرهەڵدەدەن.
..
بەڕێز حەكيم داوای بەڕێوەبردنی باشی قەيرانی ئابووری و سەركەوتن لە تێپەڕاندنی ئەم ڕكابەرييەی كرد، هەروەها جەختی لەسەر پێويستی هەنگاونان لە دۆخی تاك داهاتی عێراق كرد ئەويش بە ئەكتيڤكردنی ئابووری، و هاندانی كەرتەكانی كشتوكاڵ، پيشەسازی، گەشتياری، وەبەرهێنان و تەكنەلۆژيای مۆدێرن، و لابردنی نەوت لە بودجەی گشتی و تەرخانكردنی بۆ گەشەپێدان و پڕۆژە ستراتيژييەكان، لەكۆتاييدا ئاماژەی بە پێگەی عێراق كرد لە بەربەستە مێژووييە گەورەكاندا، و بەشدارييەكانی لە ڕێپێوانی شارستانييەتی مرۆڤايەتيدا..